کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-6-2007 16:07

**کۆمەڵەی فریا**

**بۆ پیشەگەرانی کاروباری مین**

Fria Society

For Mine Action Professionals

## ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە مانگرتنی پیشەگەرانی گرێبەستی کاروباری مین

وێنەیەك بۆ/

- دەزگای گشتی کاروباری مین
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب. گ. دارایی
- پارێزگای هەولێر/ دهۆك
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بەڕێزان گشت پیشەگەرانی گرێبەستی کاروباری مین، خۆتان ئاگادارن لەدوای داواکاریەکەی ئێوە سەبارەت بە یەکخستنەوەی مووچەی مینلابەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان و بۆ خۆبەدوورگرتن لە مانگرتن و بەفیڕۆنەدانی هەر چرکەیەك لە کاری مینلابەری، لەڕێگای کۆمەڵەکەتانەوە لە ڕۆژی 2007/5/17 دانیشتنێك لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای گشتی کاروباری مین و خودی بەڕێز سەرۆکی دەزگا ئەنجامدرا، لەم کۆبونەوەیەدا هەمولایەك هاوڕابووین کە لەم قۆناغەدا دەزگای گشتی کاروباری مین نوسراوێکی داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی دارایی بکات بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی لەهەردوو وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بۆ مەبەستی یەکخستنەوەی مووچەی کارمەندانی گرێبەستی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان.

بەداخەوە دووای ئاراستەکردنی نوسراوی ئاماژەپێدراو و تا ئامادەکردنی ئەم ڕوونکردنەوەیە هیچ بەرەوپێشەوەچونێك ئاکامی نەبووە سەبارەت بە یەکخستنەوەی مووچەی کارمەندانی مینلابەری! هەر لەسەروبەندی ئەم گرفتەو نایەکسانی مووچەی پیشەگەرانی کاروباری مین لەسایەی یەك ئیدارەیی حکومەتی هەرێم، بەرەچاوکردنی مەترسی و ترسناکی ئەم پرۆسەیە و پربایەخی چالاکییەکانی مینلابەری و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان، ئێمە وەکو کۆمەلەی فریا بۆ پیشەگەرانی کاروباری مین بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین پشگیری تەواوی خۆمان ڕابگەیەنین لە داوا ڕەواکانتان بۆ یەکخستنەوەی مووچەی گرێبەستەکانتان لە سەرتاپای هەرێمی کوردستان، هەروەها بەڕەواشی نازانین لە هەرێمی کوردستان هەمان جۆر لە کارمەندانی مینلابردن کە دووچاری هەمان مەترسی دەبنەوە دوو ئاستی مووچەیان هەبێت! بەبێ کەمکردنەوە لەپێشەی هەر کەس و لایەنێك، هەر لەبەر ئەوە داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکەین بەدواداچوونی جیدی بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە و بەهەند هەڵگرتنی داواکاریەکانی پیشەگەرانی گرێبەستی کاروباری مین و هەرچی زووە کار بکرێت بۆ یەکخستنەوەی مووچەکانیان.

لەگەڵ ڕێزمان ... ...

کۆمەڵەی فریا بۆ پیشەگەرانی کاروباری مین
4ی حوزەیرانی 2007/ هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.